# لەیادی میرزادەدا



بەختیار شێخ مستەفا

ڕۆژی حەڤدەی ئەم مانگە ساڵێکی تەواو بەسەر ئاوابوونی ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی هونەری کوردیدا تێپەردەبێت ، ساڵی پار لەڕۆژی ٧/١٧ دا لەیەکێك لەنەخۆشخانەکانی تاران (موجتەبای میرزادە) بەسەکتەیەك دڵی لەلێدان کەوت پاش ئەوەی دەیان وسەدان بەرهەمی بەزیندوویی دوای خۆی جێهێشت .

خاڵێك کەجێگەی دڵخۆشیمە ئەوەیە کە ساڵێك بەر لەمەرگی میرزادە بابەتێکم لەسەر نووسی کە لەماڵپەری کوردستان نێت دا بڵاوم کردەوە و تیایدا دەستخۆشیم لەو لاوە چواردەساڵە کردبوو کە ئیعجاب وخۆشەویستی میرزادە وایلێکردبوو ماڵپەرێکی قەشەنگی بۆ دروست بکات ، کە کارو بەرهەمەکانی میرزادە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت ، میرزادەیەك کەبەقەولی میوزیککاری ناسراو (حسێن یوسف زەمانی) ئەگەر لە هەلومەرج وجێیەکی تردا بژیایە ڕەنگ بوو یەکێك لەبلیمەتەکانی میوزیکی جیهانی دەرچوایە .

ئەم هونەرمەندە مەزنەی کە لەژیانی هونەری خۆیدا بووە پاڵپشتێکی زۆر بەهێز وگەورەی هونەرمەندانی وەکو زیرەك و خالقی وماملێ و شاروخی وحسەینی شەریفی وچەندانی تر و چەندین شاکاری بەدەست وپەنجە ڕەنگینەکەی بەخشییە هونەری کوردی وئێرانی ، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا موجتەبا وەکو پێویست ناو وسەدای لەناوماندا نەبوو!

## ژیانی میرزادە

میرزادە لەکرماشانی زادگای هونەرمەندان لە ساڵی ١٩٤٥ دا لەدایکبووە ، پاشان خانەوادەکەیان ڕوو دەکەنە ناوچەی ئیلام، ئەو ڕۆژگارە لەناو خانەوادەی میرزادەو دەوروپشت و تەواوی ناوچەکەدا میوزیکژەنین مایەی شورەیی بوو نەتەنها بۆ ئەو کەسە بەڵکو بۆتەواوی خانەوادەکە ، لەبەر ئەم هۆیانە موجتەبا هەمیشە ڕێگری لێدەکرا بۆ ژەنینی میوزیك ، موجتەبایەکیش کە وەك (کامبیز روشن روان) دەڵێت: " میلۆدی لەهەموو گیانیدا شەپۆلی دەدا". چۆن دەیتوانی بەگوێی باوك وکەس وکاری بکات ؟! ئەوێك کەبەحەسرەتی ئەوەوە بوو بتوانێت ئامێرێکی میوزیك پەیدابکات ، هەمو هەوڵێکی تاقیکردەوە، تالە گوێزان وتەختەو تەل وقاپ وکەوچك ئامێرێك سازبکات ، لەیەکەمین قۆناغدا بووەخاوەنی شمشاڵێکی باغە پاشان یەکێك لە براکانی سەنتورێکی کری و چەند مانگێك لای مایەوە بەڵام دیارە میوزیك عیشق و خۆشەویستی پێویستە هەربۆیە دوای ئەوەی براکەی بێ هیوا دەبێت لەوەی بتوانێت هیچ ئاوازێکی پێ دەربکات ، موجتەبای منداڵ داوای سەنتورەکە دەکات و ووردە وردە دەتوانێ ئاوازی سادەی پێ لێبدات ، تا دواجار یەکێك لە هاوڕێکانی باوکی زۆرلەگەڵیدا خەریك دەبێت تا کەمانچەیەکی بۆ بکرێت ،پاش بگرەو بەردەیەدەکی زۆر میرزادە بۆ یەکەمین جار دەبێتە خاوەنی کەمانچەی خۆی ، موجتەبا دەڵێت: " ئەو کەمانچەیەی کەنرخەکەی تەنها هەفتا تومەن بوو ، ڕەنگە بڕوا نەکەن کەساڵەهای ساڵ لەلام مایەوەو تەواوی گۆرانیەکانی حەسەن زیرەك و بەرهەمەکانی تری رادیۆی کرماشان بەو کەمانچەیە تۆمارکرا" ، ئیتر لێرەوە قۆناغێکی جدی تر دەستپێدەکات ، میرزادە لەماوەی پێنج مانگدا دەتوانێ بگاتە ئاستێك کە لەچالاکییەکانی قوتابخانەدا کەمانچە بژەنێت ، بەڵام کێشەی گەورەی ئەوە دەبێت کەلەهەموو ناوچەی دوورە دەستی (ئیلام) دا کەسێك نییە فێری ئەلف وبێی میوزیك یان چۆنێتی گرتن وژەنینی ئامێرەکەی بکات ، بۆیە خۆی بریار دەدات کەڕوو بکاتە تاران ، لەوێ بەژیانێکی کولەمەرگی دەستدەداتە فێربوونی نۆتە بەڵام دیارە نۆتە فێربوون بەبێ مامۆستا کارێکی پڕ سەرئێشەیە ، کارێکی سەرنجراکێش کەموجتەبا دەیکات ئەوەیە کە لەڕێگەی گۆڤارێکەوە بەناوی (موزیك ایران) کە هەفتانە نۆتەی چەند گۆرانییەکی تێدا بڵاودەکرایەوە هەوڵیدا فێری نۆتە خوێندنەوە بێت ، لەم ڕووەوە دەڵێت: " لەبەرئەوەی هەموو ئاوازەکانم لەبەربوو بەشێوەی خۆرسك دەمتوانی بیانژەنم ، دەچووم لەهەمان کاتدا سەیری نۆتەکانم دەکردو دەمخوێندنەوە پاشان چەندبارەم دەکردنەوەو دەکەوتمە بەراوردکردنیان تا تۆنەکان بناسمەوە ،بەڕاستی کارێکی تاقەت پروکێن بوو ، لەیادمە بەهۆی گۆرانییەکی (مەجید وەفادار)وە بۆ یەکەمین جار (ترێل) فێربووم ، ئا بەو شێوەیە فێری نۆتە خوێندنەوە بووم".

میرزادە ئەو کاتانەی لەرادیۆکانی سنەو کرماشان کاردەکات بەرهەمگەلێکی زۆر ئامادەدەکات بۆ هونەرمەندانی وەکو زیرەك و ئیبراهیمی خۆشنەواو مورتەزا توندرەو وچەندینی تر ، پاشان کاتێك لە تاران کاردەکات بەشدارییەکی گەورەی بەرهەمی هونەرمەندە فارسەکان دەکات و وایلێدێت کە شێوازی ژەنینی میرزادە ببێتە قوتابخانەیەك وچەندین میوزیکژەنی گەورە هەوڵدەدەن سوود لەتەکنیك ورۆحیەتی ژەنینی میرزادە وەربگرن ، کەیەکێك لەوانەی چەندینجار ئەم ڕاستییەی دوپاتکردۆتەوە کەمانچەژەنی ناسراو (بیژەنی مورتەزەوی) یە .

میرزادە جگە لەکەمانچە توانایەکی باشی هەبوو بۆ ژەنینی ئامێرەکانی تریش بەتایبەتی سەنتوورو تارو سێ تار.

پاش ڕوخانی رژێمی شا ، میرزادە بۆ ماوەیەك لەکاری هونەریی وەستا بەڵام دواتر دیسانەوە بەگوڕوتێنێکی گەورەوە دەستیکردەوە بەکاری هونەریی و بەشداری بەرهەمی چەندین هونەرمەندی وەکو حسێنی شەریفی وعەزیز شاروخ و گروپی عەندەلیبی کرد جگە لە سازدانی میوزیکی چەندین فیلمی سینەمایی.

ساڵی ٢٠٠٥ وەك میوانێك بەشداری فیستیڤاڵی میوزیکی کوردی کرد لە سلێمانی و بەداخەوە لەهەمان ساڵدا و لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٧/١٧ لەشاری تاران کۆچی دوایی کرد.

## میرزادەو میوزیکی فیلم

کاتێك بەراوردی هەوڵ وکۆششەکانی ئەم بلیمەتە دەکەم بەکەسانێك لەئەوروپاو ئەمریکا دێمە سەر ڕاکەی (حسین یوسف زمانی)کە پێشتر ئاماژەمان پێدا.( موجتەبا میرزادە) زۆربایەك بوو کە لەخۆرسکەوە میوزیك بەلەشیدا دەهات ودەچوو ، بابزانین ئەم گەورە هونەرمەندە کەلەژیانی هونەری خۆیدا میوزیکی بۆ ٥٦ فیلمی سینەمایی دانا کەلەناویاندا فیلمی وەك (در امتداد شب) و (قیامت عشق) هەیە تا دەگات بەدوایین فیلمی کەناوی (قەرەنتینە)یە لەکوێوە دەستی پێکرد .

موجتەبا هەرلەورۆژگارەی لاوێتیەیدا ، بووبە کەمانچەژەنی یەکێك لە سێ ئۆرکێستراکەی رادیۆی ئێران بەرابەری (مستەفا کسروی) ، لەبەر ئەوەی هێشتا لاو بوو گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنەدەدا تا ڕۆژێك لەکاتی ڕاهێناندا تێبینی ئەوەیانکرد کە جودا لەهەمویان کەمانچەکەی دەژەنێت ، هەربۆیە پێشنیارێکی خرایە بەردەم بۆ سازدانی میوزیکی فیلمێك بەناوی (درشکەچی) ، میرزادە خێرا ئەم داوایە قبوڵ دەکات بەڵام چونکە پێشتر کاری ئاهەنگسازی نەکردبوو داوادەکات ماوەیەکی پێ ببەخشن تا خۆی سازدەدات ! موجتەبا دەڵێت: " پێش ئەم کارە هەرگیز میوزیکم بۆ ئۆرکێسترا نەنوسیبۆوە تەنانەت هەندێ زانیاری هەبوو لەسەر ئامێرەکان کەنەمبوو ، بۆ نمونە نەمدەزانی ژێکانی کۆنترباس چۆنە و چییە؟! بۆیە لەماوەی مانگێکدا لەڕێگەی پرس وراوە هێندەم زانیاری کۆکردەوە کە بتوانم بۆ ئۆرکێسترا کارێك بنوسم ، بەڵام کێشەی سەرەکیم ئەوەبوو کەنەمدەزانی ئایا بۆ فیلمەکە دەبێت چی دابنێم ؟ چونکە تا ئەو کاتە هیچ زانیارییەکم سەبارەت بەکاری میوزیکی فیلمسازی بەرچاو نەکەوتبوو لەکەسیشم نەبیستبوو نەشمدەزانی ڕێساکانی کامەن؟ بۆیە هەموو یاساو ڕێساکان خۆم دامنا" !

ئا بەو شێوەیە میرزادە لەدەروازەیەکی تەسکەوە چووە ناو هونەری میوزیکی سینەماییەوە و خۆشبەختانە لەیەکەمین ئەزمونیدا سەرکەوتوو دەبێت ولەخۆشیدا ولەشوکرانەبژێری سەرکەوتنی کارەکەیدا و لەبەرئەوەی خاوەنی پارە نابێت تا بیکات بەخێر ، بەزوویی خۆی دەگەیەنێتە بانکێکی خوێن وبوتڵێك خوێن دەبەخشێت !

بەڵام کاروانی هونەریی ئەم زۆر درێژ دەبێتەوە تا ساڵی ١٩٩٢ کە دوایین فیلمی بەناوی ( قەرەنتینە ) لەدەرهێنانی (مسعود اسد الهی) بەئەنجام دەگەیەنێت.

## بەرهەمەکانی

میرزادە لە شەستەکان وهەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا کاتێك لە رادیۆی کرماشان دەبێت دەیەها گۆرانی بۆ زیندەیاد (حەسەن زیرەك) ئامادە دەکات ، کەئەگەر بەویژدانەوە بڕوانینە بەرهەمەکانی (زیرەك) بەئاشکرا تێبینی دەکەین زۆرینەی ئەو کارانەی موجتەبایە کە تا ئێستا لەناوماندا ماوەتەوە ، کێ لەئێمە ستڕانگەلێکی وەکو (کرماشان و شاییە دەگەڕێ و دینێ مەرۆ دینێ) تا ئێستا لەویژدان ویادەوەرییدا نییە ؟! یان کاممان سترانی (لالە بەدەستان ) ی مامڵێ کاری تێنەکردوین!

لەناوەڕاستی هەشتاکاندا میرزادە کۆمەڵێك بەرهەمی نایاب بۆ خالقی تۆماردەکات ، کە بەبێ دوو دڵی تا هەتایە دەبێتە بەشێکی گرنگ لەکەلەپووری نەتەوایەتیمان ، لەوانەش سترانەکانی (هەڵاڵە ، ساقی ، بازی بێرییان ....هتد) .

لەئاستی ئێران ولەناو هونەرمەندانی فارسیشدا میرزادە جێدەستی هێندە دیارە ، کەلەچەندین بەرهەمی کەڵە هونەرمەندانی فارسدا بەدەست وپەنجە ڕەنگینەکەی بەرهەمەکانیانی پتر نەخشاندووە ، کێ هەیە گوێی لە سۆلۆی کەمانچەی گۆرانی (مخلوق) ی (گوگوش) بوبێت و سەرسام نەبوبێت بە تەکنیکی ژەنینی ئەم بلیمەتە ، کێ هەیە گوێی لە (تار)ەکەی میرزادە نەبوبێت لە سترانی (بزن تار) ی (هایدە) و نەشئە بەرۆحی نەگەیشتبێ کاتێك هایدە دەڵێت (بزن تار ) واتە ( ئەی تار بژەنە) و میرزادەش بە تارەکەی وەڵامی دەداتەوە .

بەدەر لەمانە کەمانچەکەی میرزادە دەبێتە هاوڕێی بەشێکی دیاری گۆرانییەکانی هەریەك لە (شەجەریان و ئیرەج و مازیارو مەهەستی

و شەکیلاو موعین و محەمەدی ئیسفەهانی وعەلیرەزا ئیفتیخاری)، بەشێوەیەك لەبەخاکسپاردنی میرزادەدا (عەلیرەزا ئیفتیخاری) بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە تەرمەکەی تا شان بداتە بەری و شەجەریانیش لەهەمان مەراسیمدا خەمبارانە دەڵێت: "ئەمرۆ هونەرمەندێکمان لەدەستدا کە زەحمەتە کەس هەبێت بتوانێت جێگەی پڕ بکاتەوە" .

